كوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-4-2007 22:01

**بەیاننامەی ناڕەزایی**

بەڕێز وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان
بەڕێز وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان
بەڕێز رۆشنبیران، رۆژنامەنوسان، ئازادی خوازان

بەرێزان ماوەیەكە لە رۆژنامەو سایدەكاندا ئەوە دەخوێنینەوە كە نوسەرو رۆژنامەنوسان تەنیا لەسەر هەڵوێست و نوسینە راشكاوەكانیان! توشی گرتن و راوەدونان دێن و بەشێوەیەكی ناشرین و دوور لە یاساكانی رۆژنامەگەری و ئازادی رادەربڕین مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێت.

هەرچەندە ئێمە لە یەكێتی لاوانی دیموكراتی لە كوردستانی عێراق دژی نوسینی هەركەسێكین كە جنێو بدات و تەشهیر بە خەڵك و نوسەری تر بكات ئەوا لە هەمان كاتدا دژی ئەو رەفتارەین كە لەسەر نوسین توندوتیژی لە بەرامبەر نوسەر بكرێت و ئازاری جەستەیی و دەروونی بدرێت یا بگیرێت، بۆیە داوا لە نوسەرە گەنجەكان دەكەین كە خۆیان لە نوسینی پڕ جنێوو تەشهیر ئامێز بە دوور بگرن. هەروەها داوا لە دامودەزگا ئەمنیەكانی حكومەتی هەرێم دەكەین كە قبوڵ نەكات گروپی چەكداری نادیار هەبێت و نوسەران بڕفێنن و ئازاریان بدەن، رێگای یاسایی بگرێتەبەر لە بەرامبەر ئەو جۆرە گروپانە.

بێگومان ئەم جۆرە كردەوانە جگە لەوەی رێگەگرتنە لە ئازادی بیرورا، ئەوا ناشرینكردنی سیمای حكومەتیشە لە بەرامبەر ئەو بانگەشەیەی كە بۆ دیموكراتیەت و ئازادی دەیكەین، بۆیە گرنگە دام و دەزگاكانی بەرپرس رۆڵی خۆیان ببینن لە پاراستنی گیانی ئەو رۆژنامەنوسانە بۆ ئەوەی ئەو كردەوانە نەبێتە دیاردەیەكی قێزەون.

دیسان داوا لە سەندیكای رۆژنامەنوسان و یەكێتی نوسەران دەكەین كە گۆمی مەنگی بێدەنگیان بشلەقێنن و خۆیان لەو بێدەنگیە قوتاربكەن و هەلوێست لە بەرامبەر ئەو پرسانە وەربگرن.

بژی ئازادی بیرورا
بژی دیموكراتیەت و ئازادی

یەكێتی لاوانی دیموكراتی لە كوردستانی عێراق
2007/4/7

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.